
www.kurdistannet.org
17-2-2003 15:50

# سێ کتێبی وەرگێڕدراوی منداڵان

لە سوێدییەوە: سیروان کاروانی
ئا: **نووسەری کورد**
http://www.nuserikurd.com

## کتێبی "1" *"بەلەمەکەی بۆنادیا"*

کتێبی *" بەلەمەکەی بۆنادیا"* کتێبێکی منداڵانە. ئەم کتێبە لە نووسینی "ئیرمێلین ساندمان لیلیوس"ە و نیگارەکانی ناوەوە و ڕووی بەرگ نووسەر خۆی کێشاونییەتی. وەرگێڕ سیروان کاروانی لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و ساڵی 2003 لە ئینگلاند چاپ بووە ISBN 91-97-1618-7-X.




لە چیرۆکی *" بەلەمەکەی بۆنادیا"*دا، "بۆنادیا" ناوی کچێک بوو کە لە شارە گچکەیەی "تولاڤال" دەژیا. ئەو هیچ کەسوکاری نەبوو، بەڵام مریشکێکی ڕەشی هەبوو، کە ناوی خاتوو "هولدا کاچێلین" بوو. لە زستاناندا، ئەوان لە هەورەبانی نانەواخانەکەی "بلۆماندێر" دەژیان و لە هاوینانیشدا، جاروبار لە کادانەکەی "یۆران سمال" دەژیان.

"بۆنادیا" بەلەمێکی لە "جێیپێ شێپوجێف"ەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە و، بۆ ماڵی نوێی هاوینەی ڕێکی دەخات.


بۆنادیا هیچ کەسوکاری نەبوو، بۆیە کاتێک خەڵک ئەو و مریشکەکەیان دەبینی بە ڕاکردن بە دەورووبەردا دەهاتن، بانگیان دەکرد:

– "بۆنادیا"، دەچییەوە ماڵ؟ ئەوسا ئەویش وەڵامی دەدایەوە:

– نەخێر، من هەر لە ماڵم، چونکە من لە هەموو شوێنێک دەژیم!

## کتێبی "2" "**ئەو دوکتۆرەی هەموو شتێک دەزانێ**"

کتێبی "**ئەو دوکتۆرەی هەموو شتێک دەزانێ**" چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی منداڵانە. ئەم کتێبە لە پاشماوەی چیرۆکێکی فۆلکلۆری پێکهاتووە، لە نووسینەوە و وێنەی: "ماتس ڕێهنمان"ە. وەرگێڕ سیروان کاروانی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی/سۆرانی و خەلیل دوهۆکی گۆڕیویە بۆ کرمانجیی ژووروو و بە پیتی لاتینی نووسیویەتەوە " Doktorê hemû tişstan dizanê ." ساڵی 2003 لە ئینگلاند چاپ بووە ISBN 91-97-1618-0-2.




ئەم کتێبە بە پلەی یەکەم بۆ ئەو منداڵانەیە کە ئاستی خوێندنەوە و نووسینیان گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی خۆیان بتوانن بیخوێننەوە و هەوڵی لێتێگەیشتنی بدەن، واتە ئەو منداڵانەی تەمەنیان گەیشتووەتە 9، 10 ساڵان و بەرەو سەرەوە.

لە چیرۆکی "**ئەو دوکتۆرەی هەموو شتێک دەزانێ**"دا، جارێکیان جووتیارێک کە ناوی "پێر" بوو، بیرێکی شێتانەی بۆ هات. ئەو وایدەزانی دوکتۆرە، بەلام دوکتۆر نەبوو. هەر لە کلاوەکەی و چاکێتە سوورەکەیدا وا دیار بوو. ئەو نەیدەزانی چۆن چارەسەری پاشایەک بکات کە زگی دێشێ و، نەشیدەزانی چۆن راوی دز بکات، بەلام ئەگەر مرۆڤ شێرێکی برسی چاوەڕێی خواردنی بێ، دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ هەوڵێک بدات.
ئەوسا دەبێ بەختی هەبێ و فێڵ بزانێ و ورەیەکی بەرزی هەبێ. ئەو دوکتۆرەی هەموو شتێک دەزانێ-ش، ئەوانەی هەبوو.

کتێبی "3" "**پومپێ دەچێتە ناو دارستان و پومپێ لە جۆگەیەکدا مەلەوانی دەکا**"




کتێبی "**پومپێ دەچێتە ناو دارستان و پومپێ لە جۆگەیەکدا مەلەوانی دەکا**" بۆ منداڵانە و لە نووسینی "باربرۆ لیندگرێن"ە و، نیگارەکانی "ئێڤا ئێریکسسۆن" کێشاونییەتی. وەرگێڕ سیروان کاروانی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی و ساڵی 2003 لە ئینگلاند چاپ بووە

ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە کە هەردووک دەربارەی پومپێ ـی سەگن. "**پومپێ دەچێتە ناو دارستان**" و "**پومپێ لە جۆگەیەکدا مەلەوانی دەکا**". لە بەشی یەکەمدا، پومپێ دەچێتە ناو دارستان و لەوێدا چەندین سەرکەشی ڕوودەدەن. لە بەشی دووەمدا، پومپێ ـی

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
17-2-2003 15:50
سەگ لە جۆگەیەکدا مەلەوانی دەکا و لەژێر ئاوەکەشدا، تووشی ماسی و سۆنەی ناو ئاو دەبێت.

کتێبەکە بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی ئەوەیە، کە پومپیێ–ی سەگ تووشی کام لە ئاژەڵان دەبێ، کاتێک ئەو لە جۆگەیەکدا مەلەوانی دەکا و کاتێک پومپیێ دەچێتە ناو دارستان، کام لەو سەرکەشییانە ڕوودەدەن.

تێکستەکانی ناو ئەم کتێبە کە بۆ منداڵانی بچووکن، سەرنجڕاکێشن و بە کێش و سەروان.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت